https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.2

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# لەنگییە عەروزییەکانی یەکێک لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری لە ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعر

د. یادگار ڕەسوول حەمەدەمین
، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
yadgar.ameen@soran.edu.iq

**پوختە:**

ئەم تـویژینەوەیە بە ناونیشـانی (لەنگیـیە عەرووزییەکـانی یەکێـک لە چاپەکـانی دیـوانی مەلای جزیـری لە ئاسـتی وشـە و دەسـتەواژە و لەت و دێرەشیعر)، هەولێکە بۆ دەستنیشـانکردنی ئەو هەڵە و لەنگییە ڕیتمییانەی کە لە یەکێک لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیریدا هەن و بەراوردکردنیان لەگەڵ چاپەکانی تر و چارەسەرکردنیان بە پێی بنەماکانی عەرووز.

تـوێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهـاتووە، لە بەشـی یەکەمـدا لەنگییەکـان لەسەر ئاستی وشە و دەستەواژەکانەوە دیاریکراون و دابەشـی سـەر سێ تەوەر کراوە، یەکەم؛ دەستنیشـانکردنی ئەو لەنگییـانەن کە بەهـۆی بـوونی وشـەیەک یان دەستەواژەیەک لە جێی وشـە و دەستەواژەیەکی تر دروسـت بـــوون. دووەم؛ ئەو لەنگییـــانەن کە بە هـــۆی ســـوانی وشـــە یـــان دەسـتەواژەیەک دروسـت بـوون. سـێیەمیش؛ ئەو لەنگییـانەن کە بەهـۆی زیادەی وشـەیەکەوە دروست بوون.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەش تایبەتە بەو لەنگییانەی کە لەسـەر ئاستی لەت و دێرەشیعرەوەن. هەموو ئەو حاڵەتانە بەراورد کراون لەگەڵ چاپەکـانی تـری شـیعری جزیـری و لێیـان کۆڵـدراوەتەوە و بە پێـوەری عەرووز چارەسەرکراون.

**وشـە کلیلییەکـان:** کـێش، عەرووز، لەنگـی، وشـە و دەسـتەواژە، لەتە شیعر، دێرە شیعر

**لەنگییە عەرووزییەکانی یەکێک لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری لە ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعر**

**پێشەکی:**

ئەم تـوێژینەوەیە بە ناونیشـانی (لەنگیـیە عەرووزییەکـانی یەکێـک لە چاپەکانی دیوانی مەلای جزیری لە ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێــرە شــیعر)، تــوێژینەوەیەکی وەســفی- شــیکارییە، هەوڵــێکە بــۆ دەستنیشانکردنی ئەو هەڵە و لەنگییە ڕیتمییانەی کە لە یەکێک لە چاپەکانی دیـوانی مەلای جزیریـدا هەن. بـۆ ئەم مەبەسـتە کۆمەڵێـک چـاپی دیـوانی مەلای جزیـری لەبەر دەسـت بـووە، لەوانە چاپەکـانی (تەحسـین دۆسـکی، سـادق بەهـائەدین ئامێـدی، ئەحـمەد زەڤەنگـی، عـارف زێرەڤـان، شـەفیع سـادقی، هەژار موکریـانی)، هەروەهـا لەڕێـی ئەم چاپـانەوە ئاگـاداریی کۆمەڵێک چاپ و دەستنووسی تری شیعرەکانی مەلای جزیرین. بەڵام لە هەموویـان چـاپی (تەحسـین ئیبـراهیم دۆسـکی) کـراوەتە بنەمـای لێکـۆڵینەوەکە، ئەمەش لەبەر ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ چاپەکـانی دی نـوێترە و هەروەهـا دۆسـکی هەوڵـی داوە سـوود لە هەمـوو چاپەکـانی پێشـووی خـۆی وەربگرێـت و تـا ڕاددەیەکـی زۆر توانیـویەتی دیـوانێکی پـوختە ڕێـک بخـات. لەنگییەکـان لە ئاسـتی وشـە و دەسـتەواژە و لەت و دێرەشـیعردا دەستنیشـان کـراون. بـۆ ئەوەی بگەیـنە دروسـتترین کـێش و ڕیـتم، ئەو حاڵەتـانە بەراورد کـراون لەگەڵ هەمـوو ئەو چاپـانەی دی کە لەبەردەسـتدا بـوون، دەرەنجـام بە پێـی پێـوەری عەرووز کامیـان دروسـتترینیان بـووە، دەرخـراون و ئامـاژە بەو چـاپە کـراوە، کە گرفتـی ڕیتمیی نییە و دروستە.

تـوێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهـاتووە، لە بەشـی یەکەمـدا لەنگییەکـان لەسەر ئاسـتی وشـە و دەسـتەواژەکانەوە دیـاریکراون. ئەم بەشـە دابەشـی سەر سێ تەوەر کراوە، تەوەری یەکەم؛ دەستنیشـانکردنی ئەو حاڵەتـانەی

که بەهۆی بوونی وشـەکەیەک یان دەسـتەواژەیەک لە جێی وشـەیەکی تر یـان دەسـتەواژەیەکی تـر لەنگیـیەکە دروسـت بـووە، بە بەراورد کردنـی حاڵەتەکـان لەگەڵ چاپەکـانی تـری شـیعرەکانی جزیـری و بە پێـوەری عەرووز لەنگییەکان چارەسەر کراون. تەوەری دووەمیش؛ ئەو حاڵەتانەن کە بە هـۆی سـوانی وشـە یـان دەسـتەواژەیەک لەنگیـیەکە دروسـت بـووە. تەوەری سـێیەمیش؛ ئەو لەنگییـانە دەستنیشـان کـراون کە بەهـۆی زیـادەی وشـەیەکەوە دروسـت بـوون. حاڵەتەکـانی تەوەری دووەم و سـێیەمیش هاوشـێوەی تەوەری دووەم، بە بەراوردکردنیان لەگەڵ چاپەکانی تـر و بە پێـوەری عەرووز چارەسـەر کـراون. بەشـی دووەمـی ئەم تـوێژینەوەیە تـایبەتە بەو لەنگییـانەی کە لەسـەر ئاسـتی لەت و دێرەشـیعرەوەن. هەوڵ دراوە لەت و دێـرە لەنگەکـان دەستنیشـان بکـرێن و لێیـان بکۆڵـدرێتەوە و لەگەڵ چاپەکانی تر بەراورد بکرێن و چارەسەر بکرێن.

به کۆمەڵێک ئەنجام کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

**کورتکراوەکان:**

ش: شـیعر، د: دێـرە شـیعر، ل: لەتە شـیعر (نیـوەدێر)، چ: چوارین، لا: لاپەڕە

دۆسکی: دیوانی مەلای جزیری، چاپی تەحسین ئیبراهیم دۆسکی

ئامێدی: دیوانی مەلای جزیری، چاپی سادق بەهائەدین ئامێدی

زەڤەنگی: دیوانی مەلای جزیری، چاپی ئەحمەد زەڤەنگی

زێرەڤان: دیوانی مەلای جزیری، چاپی عارف زێرەڤان

هەژار: دیوانی مەلای جزیری، چاپی هەژار موکریانی

**١. لەنگییەکان لە ئاستی وشە و دەستەواژەکانەوە:**

مەلای جزیری یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە هەموو شیعرەکانیدا کێشی عەرووزیی بەکارهێناوە، تەنانەت بە پێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدا هەن، یەکەم شاعیری کوردە، کە بە شێوەیەکی بەربڵاو قاڵبەکانی کێشی عەرووزیی بەکارهێناوە و بە پێی ئەو دیوانانەی لەبەر دەستدان نزیکەی (٧) حەوت بەحری عەرووزی و (٣١) سی و یەک قاڵبەکێشی بەکارهێناوە (گەردی، ٢٠٠٣: ١٩٦). یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی ساغکردنەوەی شیعر و دیوانی شاعیران ئەوەیە کە زۆربەیان لەسەر بنەمای عەرووزی ساغ نەکراونەتەوە، یاخود ئەو کەسەی کە ئامادەکاری و ساغکردنەوە بۆ دیوانەکە دەکا، وەک پێویست شارەزایی لە زانستی عەرووز دا نەبووە، دەرەنجام کە پێداچوونەوە بۆ ئەو دیوانانە دەکرێت، دەبینین لە هەندێ دێری شیعرەکان هەڵە و لەنگیی ڕیتمی هەیە و پێویستییان بە دووبارە ساغکردنەوە هەیە، کە تیایدا زانست و پێوەری عەرووزی بکرێتە بنەما.

لە چاپی (تەحسین ئیبراهیم دۆسکی)ی دیوانی جزیری، کە کەرەستەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، کۆمەڵێک لەنگیی عەرووزی لە شیعرەکان، چ لەسەر ئاستی دەنگ و بڕگە و خاڵبەندی، چ لەسەر ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعر، هەن. ئەم توێژینەوەیە تایبەت کراوە بەو لەنگییانەی کە لەسەر ئاستی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعردا هەستییان پێدەکرێت. هەروەها لەم

بەشـــەدا لەســـەر ئاســـتی وشـــە و دەســـتەواژەکانەوە لە لەنگییەکـــان کۆڵدراوەتەوە.

ئەگەر گوزەرێک بەناو ئەم چاپەی دیوانی مەلای جزیری دا بکەین، هەندێک وشە و دەستەواژە هەن کە بوونەتە مایەی تێکدانی ڕیتم و کێشی شـیعرەکە، کاتێـک بەراوردی هەمـان شـیعر و هەمـان دێـر و لەت، لەگەڵ چاپەکانی تری دیوانی جزیری دەکەین، دەبینین جیاوازی هەیە. بۆیە لەم تـوێژینەوەیەدا ئەو بەراوردکـارییە لەسـەر بنەمـاییێکی عەرووزی کـراوە و ڕاستترینی چاپەکان لە ڕووی عەرووزییەوە دەرخراون. حاڵەتەکانی لەنگی لەسەر ئاستی وشە و دەستەواژە دابەشی سەر سێ جۆر دەبن، هەندێ لەنگییەکـــان لەبەر ئەوەیە کە وشـــەیەک یـــان دەســـتەواژەیەک لە جێـــی وشەیەکی تر یان دەستەواژەیەکی تـر هـاتووە، هەندێکی تر لەبەر سوانی وشـــە یـــان دەســـتەواژەیەکەوەیە، هەنـدێکی تریشـیان بە هـۆی زیـادەی وشەیەک لەنگییەکە دروست بووە، هەریەک لەو جۆرانە کراونەتە تەوەر و بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان کراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە:

### ١. ١. بوونی وشـەیەک یـان دەسـتەواژەیەک لـە جێی وشـەیەکی تـر یـان دەستەواژەیەکی تر:

**ش١٠، د٩٩، ل١، لا٦٣، بەددین← بەددیدین:**

ئەشیا ل پەی هەڤ وەللدین یەک یەک ژ وەسلێ بەددین

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەجەزی هەشـــتیی تەواو، مســـتفعلن مســـتفعلن مســـتفعلن مســـتفعلن)ە، پێـی چـوارەمی لەتەکـە لەگـەڵ (مسـتفعلن) تێـک ناکاتەوە، لای سادق بەهائەدین لا٦٤ ڕیتمەکەی دروستە، کە بەم شێوەیە:

ئەشیا ل پەی هەڤ وەللدین یەک یەک ژ وەسلێ بەددیدین

**ش٢٣، د٦، ل١، لا٩٩ نه تەنها ئەز بووم← تەنها نە ئەز بووم:**

رسوایی عشقی نە تەنها ئەز بووم

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەجەزی چـــواری مـــورەففەل- مســـتفعلاتن مسـتفعلاتن)ە، پێـی دووەمـی لەتەکە لەگەڵ (مسـتفعلاتن) تێـک ناکـاتەوە. هەمـان لەت لای زێرەڤـان لا٦٥ و زەڤەنگی لا١٤٤ لە ڕووی عـەرووزییەوە دروستن و گرفتییان نییە، کە بەم شێوەیەن:

لای زێرەڤان: رسوایی عیشقێ تەنها نە ئەز بووم

لای زەڤەنگی: روسوایی عیشقێ تەنها نە ئەز بووم

**ش٢٦، د١٧، ل١، ل١٠٦ ئسلامی یێ← ئیسلامێ:**

دێ ب قەلبێ مە چ دت لامعەیا ئسلامی یێ

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەمەلـــی هەشـــتیی مەخبـــوونی ئەســـڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن)ە، پێی چوارەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فع لن) تێک ناکاتەوە و لەنگە. لای ئامێدی لا١٦٣، زەڤەنگی لا١٦٥ و زێرەڤان لا٧٠، دروستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

دێ ل قەلبێ مە چ دت لامعەیا ئیسلامێ

**ش٤٩، د٢، ل١، لا١٦١ نادرت← نادت:**

حوسن بێ ئایینەیێ عشقێ تەجەللی نادرت

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەمەلـــی هەشـــتیی مەخبـــوونی ئەســـڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن)ە، پێی چوارەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فع

لن) تێک ناکاتەوە و لەنگە. لای ئامێدی لا٢٢٨، زەڤەنگی لا٢٨١ و زێرەڤان لا١٠٨، ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

حوسن بێ ئایینە ئێ عشقێ تەجەللی نادت

**ش٥٢، د١، ل٢، لا١٦٨ چەهڤێن← چەهڤی:**

مە ژ نوو خوەش کە لە سەر چەهڤێن شەهیدێن خوە بمەش

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەمەلـــی هەشـــتیی مەخبـــوونی مەحـــزووف- فعلاتن(فـاعلاتن) فعلاتـن فعلاتـن فعلـن)ە، پێـی سـێیەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فعلاتـن) تێـک ناکـاتەوە و لەنـگە. لای زەڤەنگـی لا٣٠٠ دروسـتە، کە بەم شێوەیە:

مە ژ نوو خوەش کە لە سەر چەهڤی شەهید بن خوە بمەش

**ش٦٧، د٨، ل١، لا٢٠٨ هەردو دوورن← چ دبوورن:**

وەهـ چ عشق و چ سەلامەت هەردو دوورن ژ یەکی

کێشـــی شـــیعرەکە (ڕەمەلـــی هەشـــتیی مەخبـــوونی مەحـــزووف فعلاتن(فـاعلاتن) فعلاتـن فعلاتـن فعلـن)ە، پێـی سـێیەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فعلاتـن) تێـک ناکـاتەوە و لەنـگە. هەمـان لەنگی لای هەریەک لە ئامێـدی، زێرەڤان و زەڤەنگیش هەیە، بەڵام ئامێدی لە پەراوێزی ئەم شیعرە لا٢٧٩ ئامـاژە بەوە دەکـات کە ئەم لەتە لای هەریەک لە (هارتمـان، دیوانـا بەغـدا، عبدالسلام مراد ناجی) بەم شێوەیە:

وە چ عشق و چ سەلامەت چ دبوورن هەیهات

ئەمەیان لە ڕووی ڕیتمییەوە دروستە و لەنگ نییە.

**ش٧٠، د٢، ل١، لا٢١٣ ددەستێ وێ← هێژ د دەس:**

مەی کو بچت ساغەرێ <u>ددەستێ وێ</u> دلبەرێ

کێشـی شـیعرەکە (بەسـیتی هەشـتیی مەتـوی- مفـتعلن فـاعلن مفـتعلن فـاعلن)ە، پێـی سـێیەمی ئـەم لەتەشـیعرە لەگەڵ (مفـتعلن) تێـک ناکـاتەوە. ئامێدی لا٢٨٧ ئاماژە بەوە دەکات کە لای هەریەک لە تەها ئەبابەکری و مائی بەم شـێوەیەی خـوارەوە هـاتووە و لە ڕووی عەرووزییـەوە دروسـتە و لەگەڵ کێشـەکە تێک دەکاتەوە:

مەی کو بچت ساغەرێ هێژ د دەس دلبەرێ

**ش٨٨، د٢٠، ل٢، لا٢٥٥ زولف← زولفان:**

سووند ب وان <u>زولف و</u> خالان هەچوەکی بێژم وەیە

کێشـی شـیعرەکە (ڕەمەلـی هەشـتیی مەحـزووف- فـاعلاتن فـاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ە. ئەم لەتە لای دۆسکی لەنگە پێی دووەمی لەگەڵ (فاعلاتن) تێک ناکاتەوە، لای هەریەک لە ئامێدی لا٣٣٨، زەڤەنگی ج٢ لا٥٠٥، زێرەڤان لا١٧٤ دروستە، کە بەم شێوەیە:

سووند ب وان زولفان و خالان هەچوەکی بێژم وەیە

**ش٨٨، د٢٢، ل١، لا٢٥٥ چەهڤە← چەهڤ:**

عومرەکە دسووژم ب خەف <u>چەهڤە</u> نێری یەک پورسەک تەمە

کێشـی شـیعرەکە (ڕەمەلـی هەشـتیی مەحـزووف- فـاعلاتن فـاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ە. پێی دووەمی ئەم لەتە لەگەڵ (فاعلاتن) تێک ناکاتەوە، لای هەریەک لە ئامێدی لا٣٣٩، زەڤەنگی لا٥٠٥ دروستن، کە بەم شێوەیەن:

ئامێدی:  عومرەکە دسووژم ب خەف چەهڤ نێری یەک پورسەک تەمە

زەڤەنگی: عومرەکە دسووژم ب خەف چەهڤ نێریەک پورسەک تەمە

**ش٩٢، د٢، ل١، لا٢٧٧ عەنبەر ← عەنبەرێ:**

ل گولان مسک و عەنبەر بڕەشین

کێشی ئەم شیعرە (خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسڵەم- فاعلاتن(فعلاتن) مفاعلن فع لن)ە، پێی دووەمی لەتەکە لەگەڵ (مفاعلن) تێک ناکاتەوە، لای زەڤەنگی لا٥٧٥ دروستە و بەم شێوەیە:

ل گولان مسک و عەنبەرێ بڕەشین

**ش٩٢، د١٦، ل١، لا٢٧٨، نشانی ← نشان:**

خەت و خالان نشانی نشانی دە

کێشی شیعرەکە (خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسڵەم- فاعلاتن(فعلاتن) مفاعلن فع لن)ە، پێی دووەمی لەتەکە لەنگە، لای ئامێدی لا٣٨٣ دروستە، کە لە جێی (نشانی)ی یەکەم (نشان) نووسراوە، بەم شێوەیە:

خەت و خالان نشان نشانی دە

**ش٩٥، د،١٢، ل٢، لا٢٨٥:**

هندی کو هەنە جوملەتی مرئات و ئایینە

کێشەکەی (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف-مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)ە، ئەم شیعرە لە چاپەکانی تر دەرناکەوێت تاوەکو

وشـەی دروسـتتر لـە ڕووی ڕیتمییـەوە بـۆ وشـەی (ئاییـنە) دابنێین، تـەنها ئەوە دەڵێین کە پێی چوارەمی ئەم لەتە دەبێت (فعولن) بێت وشەی (ئاییـنە) لەگەڵ ئەم پێیە ناگونجێت.

**ش١١٠، د٨، ل١، ل٣٢١، ئابی ←تو بی:**

تو پور ئحسان خوەی ڕەحمی ل دەروێشان ئابی خەشمی

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی تەواو مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)ە، پێی چوارەمی لەتەکە لەنگە و لەگەڵ (مفاعیلن) تێک ناکاتەوە. هەر دۆسکی لە پەراوێزی ئەم لەتەدا ل٣٢٣ دەڵێت لە چاپی (یوسفی) لە جێی (ئا)، (تو) هاتووە. کە ئەمەش لە ڕووی عەرووزییەوە دروستە، کە بەم شێوەیەی لێدێت:

تو پور ئحسان خوەی ڕەحمی ل دەروێشان تو بی خەشمی

**ش١١٢، د١١، ل١، ل٣٢٧ جارەکێ← جارەک:**

ما ب زەهری شەکەری دۆست بخوونت جارەکێ

کێشـــی ئەم شـــیعرە (ڕەمەلـــی هەشـــتیی مەخبـــوونی ئەســـڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن)ە. هەر لەتێکی ١٤ بڕگەیە بە پێی سیستەمی کورتی و درێژیی قاڵبە کێشەکە، بەڵام ئەم لەتە (١٥) بڕگەیە و پێی کۆتایی لەتەکە لە جیاتی (فع لن)، (فاعلن) دەردەچێت، کە ئەمەش لەگەڵ ڕێسای قاڵبەکە تێک ناکاتەوە. ئەگەر چی لە چاپەکانی تریش ئەم لەتە بە هەمان شێوە دەرکەوتووە، بەڵام ئامێدی لە پەراوێزی ئەم لەتە ل٤٤٦ دەڵێت لە چاپی (دیوانی مستەفا قەرەداغی)، ئەم لەتە بەم شێوەیە:

ما ب زەهری شەکەری دوستی بخوونت جارەک

دیاره لە ڕووی کێشەوە ئەم لەتەی کۆتایی دروستە و هیچ لەنگییەکی تێدا نییە.

**ش١١٤، د٧٥، ل٢، لا٣٣٧ الله← ئیلاهـ:**

مە ب ئلهامی <u>(الله) ی</u> زانی

کێشـــی ئەم شـــیعرە (ڕەمەلـــی شەشـــی مەخبـــوونی ئەســـڵەم- فعلاتن(فـــاعلاتن) فعلاتن فـــع لـــن)ە، پێـــی دووەمـــی ئەم لەتە (فعلاتـــن) دەرناچێت. لە چاپی ئامێدی لا٥١٧ دروستە، کە دەڵێت:

مە ب ئیلهامی ئیلاهی زانی

**ش١١٤، د٧٦، ل١، لا٣٣٧ نشانی← نشان:**

<u>ب نشانی قودرەت</u> ب نیشانی

کێشـــی ئەم شـــیعرە (ڕەمەلـــی شەشـــی مەخبـــوونی ئەســـڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فع لن)ە، ئەم لەتە لەگەڵ ئەم قاڵبە تێک ناکاتەوە، لای هەریەک لە ئامێدی لا٥١٧ و زەڤەنگی لا٨٣٦، لەنگی لەم لەتەدا نییە، کە بەم شێوەیەن:

ئامیدی: ب نشان قودرەت بێ نیشانی

زەڤەنگی: ب نیشان قودرەت بێ نیشانی

**ش١١٩، د١٨، ل١، لا٣٦٢ ناکەت← نەکر:**

دلبەر چ بێ حەد زالمە جارەک <u>ناکەت</u> پورسێ ل مە

کێشــی شــیعرەکە (ڕەجەزی هەشــتیی تەواو مســتفعلن مســتفعلن مستفعلن مستفعلن)ە، پێی سێیەمی لەتەکە لەنگە و (مستفعلن) دەرناچێت. ئەم لەتە لای هەریەک لە ئامێدی لا٤٥٢ و زەڤەنگی لا٧٣١ لەنگیی تێدا نییە و بەم شێوەیە:

دلبەر چ بێ حەد زالمە جارەک نەکر پورسێ ل مە

هەروەهــا ئامێــدی لە پەراوێــزی ئەم شــیعرەدا لا٤٥٢ دەڵێــت لای هەریەک لە (تەهـا ئەبـابەکری، مـائی، هارتمـان، بەغـدا، عبدالسـلام مـراد ناجی)، لە جێی (جارەک نەکر)، (جارەک نەکەت) هاتووە، دیارە ئەمەش لە ڕووی کێشەوە گرفتی نییە و تەواوە.

**ش١٢١، د١٢، ل٢، لا٣٧٠ بت← تێت:**

نییەت چ <u>ب جهـ بت</u> دەما تەکبیرێ

کێشــی شــیعرەکە (هەزەجــی هەشــتیی ئەخرەبــی مەکفـووفی ئەبـتەر مفعـول مفاعیـل مفـاعیلن فـع)ە، پێـی دووەمـی ئەم لەتە لەنـگە و (مفـاعیلن) دەرناچێت. هەمـان لەنگـی لای ئامێدی هەیە، بەڵام لای زەڤەنگـی لا٧٥٨ و زێرەڤان لا٢٥٠ لەتەکە ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

نییەت چ ب جهـ تێت دەما تەکبیرێ

**ش١٢٣، چ٥، د١، ل١، لا٣٧٤ حەبابێ← ژ حوبابێ:**

<u>پەردە</u> حەبابێ ب حیجابێ تە ڤەدائین

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف-مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)ە، پێی یەکەمی لەتەکە لەگەڵ (مفعول) تێک ناکاتەوە، ئەم لەتە لای ئامێدی لا٥٢١ ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

پەردە ژ حوبابێ ب حجابێ تە ڤەدائین

**ش١٢٣، چ٨، د٢، ل١، لا ٣٧٥، مە← بم:**

قوربانی تە مە من بکە ئامانجێ جەریدان

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور- مفعول مفاعیل مفاعیل فعولان)ە، پێی دووەمی لەتەکە لەنگە و لەگەڵ (مفاعیل) تێک ناکاتەوە. لە چاپی ئامێدی لا٥٢٣ لە جێی وشەی (مە)، وشەی (بم) هاتووە، کە ئەمەش لە ڕووی عەرووزییەوە دروستە، بەم شێوەیە:

قوربانی تە بم من بکە ئامانجی جەریدان

**ئەللاهـ← ئەللە**

لە هەریەک لەم لەتە شیعرانەدا:

**ش٥٩، د٨، ل١، لا١٨٥:**

ئەللاهـ ئەللاهـ چەرخ و دۆلابێ بنێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی شەشیی مەحزووف- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن)ە.

**ش٨٩، د٦، ل٢، لا٢٥٧:**

(اللە، اللە) ب خودێ قەت د بهی ئەڤ چ خەتایە

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوون- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلاتن)ە.

**ش١١٤، د٧١، ل١، ل٣٣٧:**

الله الله ژ چ رەنگ ئنسانێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی شەشیی مەخبوونی مەحزووف- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلن)ە.

**ش١١٧، د١٣، ل٢، ل٣٤٩:**

الله الله چ تەجەللایە ژ سررا قەدەرێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە.

پێی یەکەمی هەرچوار لەتی سەرەوە پێویستە (فاعلاتن) دەربچێت. دیارە ئەگەر (ئەڵڵاهـ ئەڵڵاهـ) بخوێندرێنەوە لەنگ دەبن. بەڵام ئەگەر بە (ئەڵڵە ئەڵڵە) یان بە (ئەڵڵە ئەڵڵاهـ) بخوێندرێنەوە، ئەوە گرفتی عەرووزییان نابێ و دروستن. ئەم حاڵەتانە نەک هەر لای دۆسکی بەم شێوەیە، بەڵکو لە چاپەکانی تریش هەر وا نووسراوە.

**١. ٢. سوانی وشە و دەستەواژە:**

**ش١٠، د٩٥، ل٢، ل٦٣، سوانی وشەی (وێ):**

مەدهووش و مەستێ مەیێ شووشا گولاڤ ئاشوفتەدا

کێشــی شــیعرەکە (ڕەجەزی هەشــتیی تەواو، مســتفعلن مســتفعلن مستفعلن مستفعلن)ە، پێی دووەمی لەتەکە لەگەڵ (مستفعلن) تێک ناکاتـەوە. بە پێی گەڕان لە چاپەکانی تر، دەردەکەوێت کە وشەی (وێ) پێش وشـەی (مـەیێ) پـەڕیوە. بۆ نموونـە لای سـادق بەهـائەدین لا٦٢ دروسـتە، کـە بـەم شێوەیە:

مەدهۆش و مەستێ وێ مەیێ شووشا گولاڤ ئاشوفتەدا

**ش١٢٣، چ١٤، د١، ل١، لا٣٧٦ سوانی دەستەواژەی (ب ئیشارەت):**

پەیغام و بشارەت مە گەهشتێ

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف مفعـول مفاعیـل مفاعیـل فعـولن)ە، پێـی دووەم و سـێیەمی لەتەکە لەگەڵ (مفاعیل مفاعیل) تێک ناکاتەوە، ئەم لەتە لای ئامێدی لا٥٢٤ ڕاستە و لەنگ نییە، کە بەم شێوەیە:

پەیغام و بشارەت ب ئیشارەت مە گەهشتێ

**١. ٣. زیادەی وشە:**

**ش٤٠، د٧، ل١، لا١٣٩، زیادەی وشەی (تو):**

ب دیناری دەنی زنهار دا یاری خوە تو نەفرۆشی

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی تەواو مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)ە، هەر دۆسکی خۆی لە پەراوێزی ئەم شیعرە لا١٤٠ ئاماژە بەوە دەکـات، کە لە چاپەکـانی (حەلەب، وەسـتانی، پاشـا، کـۆڤلی) وشـەی (تـو) نەهاتووە و ئەمەش دروستە. کەواتە ڕاستیی ئەم لەتە بەم شێوەیە:

ب دیناری دەنی زنهار دا یاری خوە نەفرۆشی

**ش٨٠، د٥، ل٢، لا٢٣١، زیادەی وشەی (هەر):**

حەتتا ب فەلەک هەر هەر درِەتن  ئاهـ و ئەهیٚ من

کێشی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن)ە، بەڵام زیادەی وشەی (هەر) ڕیتمی پێی دووەم (مفاعیل)ی تێک داوە و کە لابچێت دروست دەبێت. ئەم لەتە لای ئامێدی لا٣١٠ و زەڤەنگی لا٤٥٥ دروستە و بەم شێوەیە:

حەتتا ب فەلەک هەر درەتن  ئاهـ و ئەهیٚ من

**ش٩٢، د٦، ل٢، لا٢٧٧، زیادەی وشەی (کەر):**

لیٚ سەراسەر بفەصلین و کەر کەر کە

کێشی شیعرەکە (خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسلەم فعلاتن(فاعلاتن) مفاعلن فع لن)ە، وشەی (کەر) کە هێڵی بەژێردا کێشراوە لەگەڵ پێی سێیەمی لەتەکە (فع لن) تێک ناکاتەوە، بە لادانی کێشەکە دروست دەبێت. هەمان لەنگی لای هەریەک لە ئامێدی، زەڤەنگی و زێرەڤانیش هەیە بەڵام لای هەژار لا٤٥٣ دروستە و بەم شێوەیە:

لیٚ سەراسەر بفەصصلین کەر کە

هەروەها ئامێدی لە پەراوێزی ئەم شیعرەدا لا٣٨٢ دەڵێت لە دیوانەکانی (هارتمان، بەغدا، عبدالسلام مراد ناجی) بەم شێوەیە:

لیٚ سەراسەر بفەصلین و کەر کە

ئەمەشیان لە ڕووی کێشەوە دروستە و لەنگ نییە.

**٢. لەنگییەکان  لە ئاستی لەت و دێرە شیعردا:**

هەندێ لەنگییەکانی چاپی (دۆسکی)ی دیوانی مەلای جزیری، لەسەر ئاستی لەت و دێرە شیعرن، واتە لەنگییەکە تەنها لە دەنگ و بڕگەیەک، یاخود لە وشە و دەستەواژەیەکی ناو دێرە شیعرکەدا نییە، بەڵکو لە کۆی لەتە شیعرەکە، یان دێرە شیعرەکەدایە. هەندێ لەو حاڵەتانە چەند لەتە شیعرێکن، کە لە ڕووی کێشەوە لەگەڵ شیعرەکە تێک ناکەنەوە، ئەوە بە زۆری نیشانەی ئەوەیە کە ئەو لەتە هی شیعرێکی ترە و پەڕیوەتە ناو شیعرەکە و لەنگی کردووە. لەنگیی هەندێکی تریان بۆ خراپ ساغکردنەوەیان دەگەڕێتەوە، بۆیە کە بەراورد دەکرێن لەگەڵ چاپەکانی تر، دەردەکەوێت کە دێرە شیعرەکە یان لەتە شیعرەکە لە ئەسڵدا لەنگ نییە، بەڵکو ئەو کەسەی ساغی کردۆتەوە، نەیتوانیوە لەسەر بنەمایەکی عەرووزی ساغیان بکاتەوە. لێرەدا بە وردی ئەو حاڵەتانە دەستنیشان کراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە:

**ش١٢، د٧، ل١، لا٧٣:**

<u>گەر ژ دەستێ تەی موبارەک زەهرەیێ قاتیل ڤەخۆم ئەز</u>

ڤێ ل من شەهد و عەسەل بت شەکەر ئامێز و خوشاب

ئەم دێرە شیعرە لای دۆسکی و سادق بەهائەدین هەیە و شیعرەکە ١٣ دێرە، بەڵام لە چاپەکانی تری زەڤەنگی، عارف زێرەڤان و شەفیق سادقی نییە و شیعرەکە ١٢ دێرە. ئەوەی تێبینی دەکرێ لەتی یەکەمی دێرە شیعرەکە لە سەر کێشی ڕەمەلی هەشتیی تەواو هۆنراوەتەوە، لە کاتێکدا کێشی گشتیی شیعرەکە ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەقسوورە. بۆیە پێدەچێت لەتی یەکەم یان تەواوی دێرەکە بەهەڵە پەڕیبێتە ناو ئەو شیعرە.

**ش٣٦، د١٤، ل١، لا١٣٢:**

گوفت و گو وی مەعریفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

**لای سادق بەهائەدین، لا١٩٨:**

گفتوگویێ مەعرفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

**لای زێرەڤان، لا٩٠:**

گوفتووگۆییێ مەعریفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

**لای شەفیع سادقی، لا١٦٨:**

گوفت و گۆییێ مەعریفەتێ چەندی مەلا پەیدا بکی

**لای زەڤەنگی، لا٢٢٢:**

گوفت و گویی مەعریفەت چەندی مەلا پەیدا بکی

کێشــی ئەم شــیعرە (ڕەمەلــی هەشــتیی مەخبــوونی مەحــزووف فــاعلاتن فعلاتــن فعلاتــن فعلــن)ە، بەڵام ئەم لەتەدێــرە لەگەڵ کێشــەکە تێک ناکاتەوە. دوای سـەرنج دان لە هەریەک لە چاپەکانی تر، سـادق بەهائەدین، زێرەڤان، شـەفیع سـادقی، زەڤەنگی، دەبینـین هەریەکەیـان بە شـێوەیەک ئەو لەتەدیرەیـان سـاغ کـردۆتەوە و هیچیشـیان لەگەڵ کێشــی شــیعرەکە تێـک نـاکەنەوە و لەتەدێـرەکە لەنـگە. بەڵام سـادق بەهائەدین لا١٩٨ لەبـارەی ئەم لەتەشـیعرە ئامـاژە بەوە دەکـات کە لە هەریەک لە چاپەکـانی (دیوانـا مـارتن هارتمـان، دیوانـا بەغـدا، دیوانـا عبدالسلام مراد ناجی) بەم شێوەیە هاتووە:

گوفتوگۆ چەندی مەلا مەعریفەتێ پەیدا کە

دیارە کێشی ئەم لەتە دەبێتە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی ئەسڵەم- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فع لن). ئەم قاڵبە کێشە لەگەڵ قاڵبە کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف) تێک دەکەنەوە و زۆر جار شاعیرانی کلاسیکی تێکەڵیان کردوون و لە دەقێکی شیعریدا هەردوو قاڵبە کێشەکەیان بەکار هێناوە. جیاوازیی نێوانیشیان تەنها لە پێی کۆتاییدایە، یەکێکیان بریتییە لە دوو بڕگەی کورت و بڕگەیەکی درێژ (فعلن UU –)، ئەوەی تر بریتییە لە دوو بڕگەی درێژ (فع لن – –). کەواتە دەشێت ئەم لەتەدێرە لە ڕووی عەرووزی ڕاسترینیان بێت، چونکە لەنگ نییە و لەگەڵ کێشی شیعرەکەش تێک دەکاتەوە.

**ش٤٢، د١، ل١، لا١٤٣:**

ئەی مەلا نامێ تەیە (خمسة عشر)

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف- فاعلاتن(فعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە، ئەم لەتەدێرە لەنگە و لەگەڵ کێشەکە تێک ناکاتەوە. دوای سەرنجدان لە هەریەک لە چاپەکانی تر (زەڤەنگی، ئامێدی، زێرەڤان، سادقی)، دەرکەوت ئەم شیعرە تەنها لای دۆسکی هەیە و لای ئەوانی تر نییە. دەرەنجام دەگەینە ئەو ڕایەی کە لەتەدێرەکە وشەیەک یان زیاتری لێ قرتاوە، یاخود بەهەڵە هاتۆتە ناو شیعرەکەوە.

**ش٦٨، د٦، ل١، لا٢٠٩:**

سینە گەهـ تێت کو بکەر بت ئەو ژ دەربێ موحبەتێ

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فعلاتن فعلن)ە، ئەم لەتە لەنگە و لەگەڵ کێشەکە تێک ناکاتەوە، هەمان لەنگی لای ئامێدی لا٢٨٢، زێرەڤان لا١٣٩، زەڤەنگی

لا٣٨٩ ش هەیە. بەڵام ئامێدی لە پەراوێزی ئەم شیعرە لا٢٨٢ دەڵێت کە لە چاپەکانی (مصطفی قرداغی، طه ابابکری، مائی و هاڤلیری) بەم شێوەیە:

سینەگەهـ تێت کو بکەر بیت ژ ضەربێ عشقێ

دیارە بەم شێوەیە کێشەکەی دروست دەبێت.

**ش٧٠، د١٠، ل١، لا٢١٤:**

<u>گەر چ ب چەشمێ (انا) عالەم مەلا کر فەنا</u>

کێشی شیعرەکە (بەسیتی هەشتیی مەتوی مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن)ە، ئەو لەتە لەنگە، ئامێدی لا٢٨٩ ئاماژە بەوە دەکات کە هەمان لەت لای تەها ئەبابەکری و مائی بەم شێوەیە هاتووە:

گەر چ د چەهڤێن مەلا هین دو عالەم فەنا

هەروەها دەڵێت؛ لە نوسخەکانی (دیوانا بەغدا) و (دیوانا عبدالسلام مراد ناجی)ش بەم شێوەیە هاتووە:

کرد د چەهڤێن مەلێ هین دو عالەم فەنا

دیارە کە هەردوو حاڵەتەکە لە ڕووی عەرووزییەوە دروستن.

**ش٩٢، د،١٣، ل١، لا٢٧٨:**

<u>وەرە جارەک تو دەرێ لوتفێ ڤەکە</u>

<u>مە ب قوربانی تێک خەنجەر کە</u>

کێشی شیعرەکە (خەفیفی شەشیی مەخبوونی ئەسڵەم فعلاتن مفاعلن فع لن)ە، هەردوو لەتی ئەم دێرە لەنگن، دێرەکە لای زەڤەنگی و ئامێدی نییە، بەڵام ئامێدی لە پەراوێز ئاماژەی بەوە داوە لا٣٨٣ کە لای (فون مارتن هارتمان) هەیە و بەم شێوەیە:

وەرە جارەک ئەگەر تو لوتفێ کەی

مە ب قوربانی یەک دو خەنجەر کە

دیارە ئەمەی (فون مارتن هارتمان) لە ڕووی عەرووزییەوە دروستە و قاڵبی کێشەکە وەک خۆی دەردەچێت.

**ش١٠٢، د،١، ل١، لا٣٠١:**

<u>نێرگزا مەست و خەرامان د سەحەرگەهـ کو مەشی</u>

کێشی ئەم شیعرە لە هەموو دێرەکانی تر بریتییە لە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەجبووب- مفعول مفاعیل مفاعیل فعل)، تەنها لەم لەتە نەبێت کە (ڕەمەلی هەشتیی مەخبوونی مەحزووف)ە. ئەم لەتە لە چاپەکانی زەڤەنگی لا٦٧٠ ، زێرەڤان لا٢٢٣ ش بەهەمان شێوە دەرکەوتووە، بەڵام لە چاپەکانی تر نییە. پێمان وایە ئەم لەتە بە هەڵە پەڕیوەتە ناو ئەم شیعرە و بەشێک نییە لە شیعرەکە.

**ش١٠٤، د٨، ل١، لا٣٠٧:**

<u>تە چ حاجەت ب سولەیمانی یێ حوسنێ</u>

کێشی شیعرەکە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فع لن)ە، واتە هەر لەتێک (١٠) بڕگەیە، تەنها ئەو لەتە نەبێت کە (١٢) بڕگەیە و بریتییە لە (فعلاتن فعلاتن فعلاتن)، ئەمەش

لەگەڵ کێشی (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم) تێک ناکاتەوە. ئەم لەتە لە هەریەک لە چاپەکانی زەڤەنگی لا٧٤٠، ئامێدی لا٤٥٨، زێرەڤان لا٢٤٣ ش هاوشێوەی چاپی دۆسکی هەیە و لەنگە.

**ش١١٤، د٢١، ل٢، لا٣٣٣:**

(لله الحمد) چ عالی شانم

کێشی ئەم شیعرە (ڕەمەلی شەشی مەخبوونی ئەسڵەم- فعلاتن(فاعلاتن) فعلاتن فع لن)ە، بۆ ئەوەی پێی یەکەمی ئەم لەتە (فاعلاتن) دەربچێت، دەبێت دوو وشەی سەرەتایی بە (لیللەهیل حەمد) بخوێندرێتەوە، ئەگینا کێشەکە لەنگ دەبێت. ئەم لەتە لای هەر یەک لە ئامێدی لا٥٠٩ و زەڤەنگی لا٨٢٤ یش بەهەمان شێوەی دۆسکی هاتووە و لەنگە.

**ش١٢١، د٣، ل٢، لا٣٦٩:**

(فی احسن تقویم) لەو هاتی یە تەفسیرێ

ئەم لەتە بە هەمان شێوەی دۆسکی، لای هەریەک لە زەڤەنگی لا٧٥٤، ئامێدی لا٤٦٦ و زێرەڤان لا٢٤٩ ش هاتووە. گرفتە ڕیتمییەکەی لەوەدایە کە کێشی کۆی شیعرەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی ئەبتەر مفعول مفاعیل مفاعیل فع)ە، بەڵام کێشی ئەم لەتە جیاوازە، کە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەب مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن)ە.

**ش١٢١، د١٣، ل٢، لا٣٧٠:**

جارەک تو گۆیی د دەربێن تیرێ

کێشــی شــیعرەکە (هەزەجــی هەشــتیی ئەخرەبــی مەکفــووفی ئەبــتەر مفعـول مفاعیـل مفاعیل فـع)ە، ئەم لەتە لەنگە و لەگەڵ قاڵبە کێشـەکە تێک ناکـاتەوە، لای هـەریەک لە زەڤەنگـی، زێرەڤـان و ئامێـدیش هەمـان لەنگـی هەیە، بەڵام ئامێـدی ل٤٦٨ لە پەراوێـزی ئەم شـیعرەدا دەڵێـت ئەم لەتە لە چاپەکانی (فۆن مارتن هارتمان، دیوانا بەغدا، عبدالسـلام مـراد نـاجی) بەم شێوەیە:

جارەک دکە وی هێژ ژ دەربا تیرێ

دیارە ئەم لەتە ڕیتمەکەی تەواوە و لەنگ نییە.

**ش١٢٣، چ١٥، د٢، ل١، ل٣٧٦:**

<u>دا هەر ژ دل ڕیش بکن یەغمائێ</u>

کێشــی شــیعرەکە (هەزەجــی هەشــتیی ئەخرەبــی مەکفــووفی ئەبــتەر مفعول مفاعیل مفاعیل فع)ە، ئەم لەتە لەنگە و لای ئامێدی ل٥٢٤ ڕاسـتترە، کە بەم شێوەیە:

دا هەر ژ دلی ڕیش بکەن یەغمائێ

## ئەنجامەکان:

١. هەموو ئەو چاپانەی دیوانی مەلای جزیری کە لەبەردەست دان، کەم تا زۆر هەڵە و لەنگیی عەرووزییان تێدایە.

٢. ئەو چاپەی کە بنەمای ئەو توێژینەوەیە، چاپی (ئیبراهیم دۆسکی)یە و بۆیە کراوەتە بنەما، چونکە بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی دی نوێترە و هاوکات ئاگاداری چاپەکانی تر بووە و لەسەر بنەمای هەموو دەستنووس و چاپی پێش خۆی، دیوانی جزیریی ئامادەکردۆتەوە. دیارە ئەم چاپەش بەدەر نییە لە هەڵە و لەنگیی عەرووزی.

٣. تێکڕای ئەو دێرە شیعرانەی لەڕووی وشە و دەستەواژە و لەت و دێرە شیعردا لە چاپی دۆسکی لەنگن، (٤١) چل و یەک دێرن.

٤. (٢٤) بیست و چوار حاڵەتی لەنگییەکان بوونی وشەیەک یاخود دەستەواژەیەکە لە جێی وشە و دەستەواژەیەکی تر.

٥. (٢) دوو حاڵەتی لەنگی بە هۆی سوانی وشە و دەستەواژەیە.

٦. (٣) سێ حاڵەتی لەنگی بە هۆی زیادەی وشەیە لەناو دێرە شیعردا.

٧. (١٢) دوانزە حاڵەتی لەنگی لەسەر ئاستی لەت و دێرە شیعرن، بە شێوەیەک کە هەندێک لەو لەتانە پێدەچێت پەڕیبنە ناو ئەو شیعرانە، کە سەر بە کێشێکی ترن و لەگەڵ کێشی شیعرەکە تێک ناکەنەوە. هەندێکی تریشیان، بە بەراورد لەگەڵ چاپەکانی تر، دەردەکەوێت کە بە هەڵە ساغ کراونەتەوە و بە پێوەری عەرووز چارەسەر کراون.

**سەرچاوەکان:**


- ئامێدی، سادق بەهائەدین، دیوانا مەلایێ جزیری، چاپا یەکێ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

- دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم، دیوانا مەلایێ جزیری، چاپا دووێ، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، دهۆک، ٢٠٠٥.

- الزڤنگی، احمد بن الملا محمد، العقد الجوهري في شرح دیوان الشیخ الجزري، ج١و٢، الطبعة الثانیة، ١٩٨٧.

- زێرەڤان، عارف، مەلایێ جزیری(دیوان)، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

- صادقی، شفیع، دیوان عارف ربانی شیخ احمد جزیری معروف به (مەلای جزیری)، مؤسسه انتشارات حسینی اصل، ارومیه، ١٣٨٩.

- گەردی، عەزیز، ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

- هەژار، دیوانی عارفی ربانی شیخ احمد جزیری (مەلای جزیری)، سروش، تهران، ١٣٦١.

**ملخص:**

هذه الدراسة الموسومة ب (الخِلال العروضية في إحدى طبعات ديوان الملا الجزيري- على مستوى الكلمة والعبارة والمقطع والأبيات الشعرية) محاولة لتحديد الخلال والأخطاء ومقارنتها بالطبعات الأخرى لهذا الديوان، ومعالجتها وفق المعايير العروضية. حيث تم تحديد الخلل العروضي في الكلمة والعبارة والمقطع والأبيات الشعرية.

تتكوّن الدراسة من مقدّمة وقسمين وخاتمة، تمّ في القسم الأول تحديد الخلال العروضية على مستوى الكلمة والمصطلح ، من خلال ثلاثة محاور، حيث حدد في المحور الأول الخلل العروضي الناتج عن وضع كلمة أو عبارة مكان كلمة أو عبارة أخرى، أما حالات الخلل العروضي الناتجة عن حذف الكلمة أو العبارة فقد تم تحديدها في المحور الثاني، وكفل المحور الثالث ببيان حالات الخلل الناتج عن زيادة كلمة، ومعالجتها كل ذلك وفق المعايير العروضية، بعد مقارنتها بما ورد في الطبعات الأخرى للديوان نفسه.
وحاولنا في القسم الثاني تحديد الخلال العروضية على مستوى المقطع والأبيات الشعرية، ومعالجتها وفق المعايير العروضية، بعد المقارنة بما ورد في الطبعات الأخرى لديوان الملا الجزيري.
ثم جاءت الخاتمة لتعرض فيها أهم نتائج الدراسة.

**Abstract**

This research, which is titled “Asymmetric prosody in one of Melay Ciziri’s book editions at the level of word, phrase, poetic hemistich and stanza”, studies and identifies the errors and asymmetric rhythmic prosody in one of Melay Ciziri’s book edition and compare them with other editions. The research explores the solutions according to the prosody criteria.

The research consists of two parts. In the first part, asymmetric prosodies are identified at the level of word and phrase, and this part is divided to three sections. Section one includes the identification of asymmetric prosodies resulted due to a word or a phrase used instead of another word or phrase. Section two is the asymmetric prosodies formed as a result of missing a word or a phrase. The third section covers asymmetric prosodies formed as a result of using extra word.

The second part of this research focuses on asymmetric prosodies at the level of hemistich and stanza. All the cases are investigated and compared with other editions of Ciziri’s poem and the solutions are presented according to prosody’s criteria.